The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# با هەموو هەوڵەكان یەكخەین بۆ شەرمەزاركردنی بوونی زیندانی حیزبی و نهێنی لە كوردستان

بەگوێرەی سەرچاوەیەك نزیك لە د.كەماڵ سەید قادرەوە , كە پەیوەندی پێمانەوە كردووە , بە پێچەوانەی ئەو هەواڵانەی بڵاوكراونەتەوە ، ناوبراو 5 ڕۆژە مانی لە خواردن گرتووە , و دۆزی تەندروستی باش نییە , داواكارین لە ڕێكخراوە مرۆڤ دۆستەكان فریای بكەون .

دیارە بە لای ئێمەوە ئەم دۆزە پەیوەندی بە كەسێكی دیاریكراوەوە نییە , بەڵكە داكۆكییە لە مافی مرۆڤ و دژایەتی كردنی بوونی زیندانی نهێنی و حیزبی و نەبوونی دادگای ئازاد لە كوردستان .

بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێك بخرێتە گەڕ لە پێناو :

- تێكشكاندنی دەرگای زیندانە حیزبی و نهێنییەكانی كوردستان , لە پێشیانەوە هەردوو زیندانی شوومی ئاكرێ و قەڵاچوڵان , دەبێت ئەم زیندانانە لە قاوبدرێن , وەك مۆڵگای سەركوت و ئیستبداد لە كوردستان بناسرێن .
- نابێت هیچ مرۆڤێك بە بێ دەستنیشانكردنی تاوانەكانی زیاتر لە 48 كاتژمێر لە زینداندا بمێنێتەوە .
- سستەمی دادوەری دەبێت لە پاشكۆیەتی دەسەڵاتی كوردی بێتە دەر , بێ بوونی دادگای سەربەخۆ و بێلایەن دیموكراسییەت زامن ناكرێت لە كوردستان .

داوا لە هەموو جەماوەری كوردستان , كۆڕو كۆمەڵەو لایەنە سیاسییەكان دەكەین , بە دووی بانگەوازەكەمانەوە بێن , بۆ بەدەست هێنانی ئەم داخوازییانە .

**ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد–چاك**

**2005-11-23**